سەماحەتی حەکیم چاوی بە باڵێزی هیندی کەوت و پێی ڕاگەیاند کە ئەزموونی هیندستان بە عیراق گرنگی هەیە



ڕۆژی چوارشەممە بەرواری 7-12-2022 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی پێشوازی لە برشانت بیسای باڵێزی هیندی لە عیراق کرد و بەیەکەوە پێیوەندی دوو قۆڵی بەغدا و دەلهی و چۆنیەتی پتەوکردنی ئەو پێیوەنییانەیان لە هەموو ڕوەکەوە تاوتوێ کرد، لەم دیدارەدا سەماحەتی ڕایگەیاند کە هیندوستان وەاتەکی دەستە بە عەراق و تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی و ئەزموونی ئەو ولاتە بە عەراقییەکان لە هەموو ڕوەکەوە بە تایبەتی لە ڕووی بانکی و ئابووری و تەندروستی گرنگی زۆری هەیە و پێویستە ئەو پێیوەندییانە درێژیان هەبێت و فراوان تریش بکرێت.

هەروەها دووپاتی کردەوە کە دەبێت کەمپانیا هیندییەکان زیاتر هان بدرێن بە ئەوەی وەبەرهێنان لە عەراق بکەن، هەروەها ئاماژەی کرد کە عیراق لە ئێستادا بەڕووی ولاتانی جیهان و ناوچەکە کراوەیە بەخێیوە بنیوە بە مەرجێك هەماهەنگی و هاوکاری بە بەرژەوەندی هاوبەش بێت.